فەیسەڵ عەلی

# بەتایبەتیکردن
# وەك میتۆدێكی ریفۆرمی ئابووری

ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

سلێمانی ـ ٢٠١٢

● بەتایبەتیکردن وەک میتۆدێکی ریفۆرمی ئابووری

● نووسینی: فەیسەڵ عەلی

● بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

● هەرێمی کوردستانی عیراق – سلێمانی ـ ٢٠١٢

● ژمارەی سپاردنی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٧٥٥)ی ساڵی ٢٠١٢

● هەڵەبڕی: محمد عومەر، کەیوان سەعید

● دیزاینی ناوەوەو بەرگ: جوان قادر سۆفی

● تیراژ: (٤٠٠٠) دانە

● چاپی یەکەم

● ژمارەی زنجیرە: (٥٧)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتوورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوانكردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێكردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

سەرپەرشتیاری زنجیرە: حەسەن یاسین

## بەرایی

لەناو قوتابخانەی کلاسیکی نوێدا ئاراستەیەك سەریهەڵدا داوای پاکتاوکردنی خاوەنداریێتی دەوڵەتیی بۆ کۆمپانیا گشتییەکان دەکرد، وەك یەك لەو ڕێگاچارانەی دەربازبوون لە قەیرانی پوکانەوەی هەڵاوسانگەرایی (الركود التضخمي). ئەم رەوتە پێیان وابوو قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری چیدی قەیرانی کەمی خواستی هەمووەکی کار نیە وەك کینز دەیبینی، بەڵکو قەیرانی کەمی خستنەڕووە، بۆ بوژاندنەوەی هێزی خستنەروو دەبێ چاو بە سیاسەتەکانی دەستوەردانی حکومەتدا بخشێندرێتەوەو، چوارچێوەی کەرتی گشتی لەقاڵب بدرێ و رووبەرێکی فراوان بە حەوافز بدرێ و ئازادی زیاتر بە بزاوتی کەرتی تایبەت بدرێت، هێزەکانی بازاڕ ئازاد بکرێن. کلاسیکییە سەردەمییەکان بڕوای تەواویان بە حەتمیەتی سستمی سەرمایەداری هەبوو کە لەسەر بنەمای ئازادی ئابووری بنیات

نـــراوە، کـــە ئـــازادکردنی میکانیزمـــەکانی بـــازاڕو، کێبڕکـێ و خاوەنـدارێتیی تایبـەتو کەمکردنـەوەی دەســـتوەردانی دەوڵـــەت تـــا نـــزمترین ئاســـت دەگرێتەوە. ئەم سستمە بەشێوەیەکی میکانیکی و ئاسایی و بێ دەستوەردانی دەوڵەت هاوسەنگی بۆ ئـابووری دەهێنێـت، ئـەو هاوسـەنگییە بەیـەك لـە خاسیەتە بنەڕەتیەکانی ئەو سستمەیە کە ئەتوانێ لێـوەی خـۆی نـوێ بکاتـەوەو پـەرە بـەخۆی بـدات، لەسەر ئەو بنەمایـە، سیاسـەتی ئابووری نموونـەیی لـە روانگـەی ئەوانـەوە گەڕانەوەیـە بـۆ ئـەو دەسـتی شاراوەیەو دوورکەوتنەوەیە لەو دەستە دیارە، یان دەستی حکومەت، ئازادی بە میکانیزمەکانی بازاڕ دەدات کـە وەك میکـانیزمێکی ئاسـانکار چالاکییە ئابوورییەکان رێکدەخاتەوە.

لـــەو چوارچـــێوەیەدا، بەتایبـــەتیکردن وەك سیاسـەتێك بـۆ بوژاندنـەوەی سـەرمایەی تایبـەت، بەتایبـــەتیکردن دووبـــارە دابەشـــکردنی ســـامان و داهـــات لەبەرژەوەنـــدی کـــەرتی تایبـــەت دابەشـدەکاتەوەو، دەبێتـە هـۆی پـشتیوانیکردنی تواناکـــانی لـــە پاشـــەکەوتکردن و وەبـــەرهێنان و بەرهـەمهێنان. بەمانایـەکی تـر، گـۆڕینی پەیکـەری

خاوەنـداریێتیی سـامان و ئـسوڵە بەرهەمدارییـەکان بەئاراستەی سەرخستنی کەرتی تایبەت و گۆڕینی هاوتـەریب لەحـەوافزی پاشـەکەوت و وەبـەرهێنان لەپێناو زیادکردنی کەفائەتی ئەداو کارپێکردندا.

پرسی بەتایبەتیکردن یەك لەو پرسە گرنگانەیە لەسـەر هـەردوو ئاسـتی نـاوخۆیی و نێودەوڵـەتی، دەوڵـەتانی بـەناو گەشـەکردوو بەدەسـت زۆرێـك لەکێـشەو لاسـەنگی پەیکـەریی وەك هەڵئاوسـان، بێکـاری، هـەژاری، قـەرزاری و لاسـەنگی سـلبی تـەرازوی بازرگـانی و پێدانـەکانیان و کورتهێنـانی بودجـەی گـشتی دەنـاڵێنن، لـەرێی پرۆسـەی بەتایبەتیکردنـەوە هەوڵـدەدەن رێگاچارەی گونجاو بـۆ ئـەو کێـشانەیان بدۆزنـەوە، دەوڵەتـە پێشکەوتووەکان لـەپێناو بـەدیهێنانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیانـدا لـە کێبڕکێـدانو هەوڵـەکانیان بـۆ دۆزینەوەی بازاڕ لەدەوڵەتانی تر بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیـان، لێرەدا پرسـی بەتایبـەتیکردن یـەك لـەو پرسانەیە هەوڵ دەدەین بەوردی لەسەر بووەستین.

### یەکەم: چەمکی بەتایبەتیکردن

زۆرێـك لـەو دەوڵەتانـەی کـە رووبـەڕووی ئـەو قـــەیران و کێـــشەی ئـــابووریی و داراییانـــەی دەرئـەنجامی ئـەو رۆڵـە سـەرکردایەتییەی دەوڵـەت لەپرۆسـەی گەشـەپێداندا، بووبوونـەوە، هەوڵیانـدا سـتراتیجیەتی گواسـتنەوە بـەرەو کـەرتی تایبـەت پـەیڕەو بکـەن لـەڕێی گواسـتنەوەی خاوەنـدارێتیی ئسوڵی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی (هـەموو یـان هێنـدێکیان بـۆ کـەرتی تایبـەت Privatization، یـان دووبـارە پەیکەربەنـدنی ئـەو ئـسولانە بـەرەو ئیدارەیەکی بازرگانیانە Commercialization.

بەتایبـەتیکردن فەلـسەفەیەکی ئابوورییـەو بـۆ ئابووریناسە کلاسیکیەکان دەگەڕێتـەوە، پـەیڕەوی لەســـتراتیجیەتی گواســـتنەوەی خاوەنـــدارێتی و ئیـــدارە ژمارەیـــەکی زۆری پرۆژەکـــانی کەرتـــە ئـــابووریی و خزمەتگوزارییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان دەکـــات کـــە بـــە سیاســـەتی بـــاڵای دەوڵەتـــەوە پەیوەســـتنین لـــە کـــەرتی گـــشتییەوە بـــۆ کـــەرتی تایبەت، دەوڵەت دەبێ بایەخ بە کاروبارە گـەورەکان بـــدات، وەك کاروبـــاری سیاســـی و ئیـــداری و

خزمـــەتگوزاریی کۆمەڵایـــەتی کـــە بـــە سیاســـەتە باڵاکانیـەوە گرێـدراوە، بـەڵام تـەواوی کاروبارەکـانی دیکە دەکریٚ لەڕێی کەرتی تایبەت و لەچوارچێوەی ئـەو یاسـاو سـستمانەی دەوڵـەت بـۆ رێکخـستنی کاری کەری تایبەت دایدەڕێژێت.

یان ئەو پرۆسەیەیە کە لەچوارچێوەی فکری و فەلسەفییدا پەیڕەوی فکری کلاسیکی نویٚ دەکات، کە بانگەشـەی ئـابووری بازاڕو بوار رەخساندنە بـۆ کـەرتی تایبـەت، تـاوەکو رۆڵـی سـەرەکی خـۆی لـە کرانەوەو بوژاندنەوەی ئابوورییدا بگێڕێت.

یان بەتایبەتیکردنی رۆڵی دەوڵەت و زیادکردنی رۆڵی کەرتی تایبەتە لەئیدارەدانی پرۆژەو چالاکییە هەمەجۆرەکانـــدا، هـــەروەها بەتایبـــەتیکردنی خاوەنداریشیان دەگرێتەوە، پۆل هۆلدین توێـژەری ئابووری بریتـانی وای بـۆ دەچـێت کـە تایبـەتیکردن ئـامرازی قەبـەکردنی وێنـای کێبڕکـێ و کەفائـەتی ئابوورییە، بەڵام (لیکەر)ی هاونیشتمانی پێی وایە بەتایبـەتیکردن پرۆسـەی گواسـتنەوەی دامـەزراوە گـشتییەکانە بـۆ کـەرتی تایبـەت و هاندانیـەتی بـۆ ئەنجامـــدانی دەستپێـــشخەری ســـەرمایەگوزاری لەمیانی رەخساندنی ژینگەیەك بۆ کێبڕکێی ئازاد.

بەتايبــەتيكردن لای ئابووريناســی ئــەمريكی (كلاركـسۆن) گواسـتنەوەی ئـسوڵی دەوڵەتييـە بـۆ كەرتی تايبـەت و، دووبـارە تـەرخانكردنی دەرامەتـە بەرهەمدارييــــە رەخـــساوەكان و ســــەرلەنوێ پەيەكەربەندكردنــەوەی چوارچـێوەی دامــەزراوەی دەوڵەتــە كــە پرۆســەی بەتايبەتيكردنەكــەی تێـدا ئــەنجام دەدرێــت و، گرتنەبــەری شـێوازی نـوێ بـۆ ئيــــدارەدانی كۆمپانياكـــان و رزگاركردنيــــەتی لەدەستوەردانی سياسی.

رێكخراوی نەتەوە يەكگرتووەكان بۆ بازرگانی و گەشــــەپێدان (UNCTAD) بەتايبــــەتيكردنی بــەمجۆرە پێناســەكردووە (بەشــێكە لەپرۆســەی ريفـۆرمی پەيكــەريی كــەرتی گـشتی لــە بونيـادی ئابوورييـدا، كــە سـنورداركردنی رۆڵــی دەوڵــەت و دەسـتبەرداربوونی لــەو چـالاكيانە دەگرێتــەوە كــە كــەرتی تايبــەت دەتـوانێ ئــەنجامی بـدات، ئەمــەش بەئامانجی بەرزكردنەوەی كەفائـەتی ئـابووری، واتـا بەتايبــــەتيكردن بــــەواتای گواســـــتنەوەی خاوەندارێتيی گشتييە بۆ كەرتی تايبەت.

بــانكی نێودەوڵــەتی بــەمجۆرە بەتايبــەتيكردن پێناســە دەكــات، (زيــادكردنی بەشــداری كــەرتی

تایبەتە لە ئیدارەدانی خاوەندارێتیی ئەو چالاکی و ئـسولانەی کـە حکومـەت بەسـەریدا زاڵـە یـان ئـەو خاوەندارێتیی دەکات).

لەسـۆنگەی ئـەو پێناسـانەی سـەرەوە، دەکـرێ بگوترێ بەتایبەتیکردن لەمانەدا هاوبەشە:

١.بەتایبـــەتیکردن پرۆســـەی گواســـتنەوەی خاوەندارێتیی کەرتی گشتییە بۆ کەرتی تایبەت.

٢.هـــەوڵی روودانـــی گۆڕانکـــاری پەیکـــەری لـەدووبارە تـەرخانکردنی دەرامەتـە بەرهەمـداری و خزمەتگوزارییەکان دەدات.

٣.ئامـــانجی کەمکردنـــەوەی دەســـتوەردانی دەوڵەت لەئیدارەدانی پرۆژەو خاوەندارییەکەیەتی.

٤.هـەنگاو بـۆ رەخـساندنی ژینگەیـەکی لـەبار بـۆ کێبڕکێـی ئـازادو بـەهێزکردنی کەفائـەتی ئـابووری دەنێت.

٥.پرۆسەیەکە بـەپێی قۆنـاغ و هـەنگاو بەهـەنگاو جێبەجێ دەکرێت.

بەتایبـەتیکردن بەیـەك لـەو ئامرازانـەی ریفـۆرمی ئـابووری دادەنرێـت کـە زۆربـەی دەوڵـەتانی جیهـان بــەکاری دەهێنێــت لــەپێناو چارەســەرکردنی ئــەو لاســەنگییە پەیکەرییانــە رووبــەڕووی بووەتــەوە،

هـەروەها بـۆ باشـترکردنی واقیعـی کـەرتی تایبەتـە، زۆربــەی کــات دەوڵــەتان بەرنامــەی راســتکردنەوە (البرامج التصحيحية) یان هاوتـەریب بـەکاردەهێنن، وەك، ئــازادکردنی هێنــدێك چــالاکی ئــابووری و رەخساندنی بوار بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی گەشە بـەو چـالاکییانە بـدات و، چـاو بـەرۆڵی حکومەتـدا بخشێندرێتەوەو هـەوڵی کەمکردنـەوەی ئـەو رۆڵـەی لە ژیانی ئابوورییدا بدرێت.

## دووەم: بابەتەکانی بەتایبەتیکردن

بەتایبـەتیکردن وەك دیاردەیـەکی ئـابووری لـەم پایەوراگرانەوە دەست پێدەکات:

١.پـرۆژە حکومییـەکان بـە عەقڵیـەتی بیرۆکراتـی بەڕێوەدەبرێن کە لەگەڵ عەقڵیـەتی ئیـدارەی بزنـسدا ناگونجێت کە کەرتی تایبەت پیادەی دەکات. لەبەر ئـەوە هـەموو بانگەشـەکان بـۆ کورتکردنـەوەی رۆڵـی دەوڵەتـە لـە پاراسـتنی خاوەنـدارێتی تاکەکەسـی و سـەپاندنی یاســاو ســستم و دەســتوەرنەدان لەچـالاکییە ئابوورییـەکان و، ئـاوەڵاکردنی هۆکـارو یاساکانی بازاڕ، تاوەکو هاوسـەنگی بگەڕێنێتـەوە، دەسـتوەردانی حکـومی دەبێتـە هـۆی تێکـدانی ئـەو

جێگیرییە، بەمە ئەرکی دەوڵەت تەنیا کارکردنە بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان خەرجییەکانی و ئاستی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی.

٢.دەرکەوتنی فەلسەفەیەکی نوێی ئابووری لەدەوڵەتە پیشەسازییە دەوڵەمەندەکان کەسەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (رۆناڵد ریگان) خستییەڕوو، کە بۆ چارەسەرکردنی پوکانەوەی هاوکاتی هەڵئاوسان بوو کە دوای شۆکی نەوت ئابووری دەوڵەتە پیشەسازییەکانی گرتبووەوە، کە خۆی لە پەیڕەوکردنی تیۆرەکانی ئابووری لایەنی خستنەڕوو Supply Side Economic) لەبری تیۆری ئابووری خواست کە بەسەر ئەو سیاسەتە ئابوورییانەی لەماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهان لە دەوڵەتانی خۆرئاوا پەیڕەودەکرا، زاڵ بوو، ئەو سیاسەتە لەسەر بنەمای فکری کینزی داڕێژرابوو. لەپێناو ئەنجامدانی گۆڕانی تەواوکار، دەبوو بەتەواوی ڕێگە بە تواناکانی کەرتی تایبەت بدرێ کە بەتواناترە لەبەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمداری و بەگەڕخستنی تەکنەلۆجیا، لەو ئامرازانەی بۆ بەدیهێنانی ئەوەی سەرەوە پەیڕەوکرا، بۆ نمونە، فرۆشتنی کەرتی گشتی بوو

بەکــەرتی تایبــەت و کەمکردنــەوەی بەرکــەوتی دەوڵەتـە لـە چالاکییە ئابوورییـەکان و سـوککردنی ئـەو بەنـدە فەرمییانـە(رسمـی) بـوو کـە لەسـەر پیادەکردنی ئەو کەرتە دانرابوو.

٣. دامــەزراوە نێودەوڵەتییــەکان بەتایبــەتی سندوقی نەختیو نێودەوڵەتیی بانکی نێودەوڵـەتی پەیڕەوی ئەو فەلسەفەیەی سەرەوەیان دەکرد. ئەو دوو دامەزراوەیــە بەرنامــەکانی بەتایبــەتیکردنیان کردە بەشێکی سەرەکی سیاسەتی مامەڵـەکردنیان لەگــەڵ دەوڵــەتانی گەشــەکردوو، بەتایبــەتی لـەبوارەکانی تـەمویل و پێدانی قـەرز بۆ پرۆژەکـانی گەشـەپێدانو هانـدانی ئـەو سیاسـەتانەی دەبنـە هۆکـاری زیـادکردنی رۆڵـی کـەرتی تایبـەت لـەرێی قــەرزەکانی گونجانــدنی پەیکــەرییو کــە بــانکی نێودەوڵەتی فەراهەمی دەکات.

٤.بەتایبــەتیکردن لەســایەی بــەجیهانیبوونی ئــابووری، وەك ئــەوەی بەشـێکە لــە گۆڕانکارییــە جیهانیـەکانی ئـابووری کـە لەگـەڵ سیاسـەتەکانی ئازادکردنی بازاڕەکان و تێکەڵاوبوونی بە ئابووریی جیهان رێك دێتەوە.

٥.ئەنجامدانی پرۆسەی ریفۆرمی رێکخراوەیی، کە هەردوو پەیکەری رێکخستن و لائحە هەمەجۆرەکانی تایبەت بە چالاکی دامەزراوە بەرهەمدارییە گشتییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو دامەزراوە حکومیانەی بەرپرسن لە سیاسەتەکانی وەبەرهێنان و سیاسەتە دارایی و نەختییەکان.

٦.بەرزکردنەوەی کەفائەتی دامەزراوە تایبەتەکان لەمیانی بەدیهێنانی قەبارەی نموونەیی بەرهەمهێنان کە بیمەی زۆرترین قازانج بۆ بەرهەمهێنەران دەکات.

٧.هاندانی کێبڕکێ بەپێی چەمکی ئابووریی بازاڕ، کە بەهۆیەوە پێگەی خاوەندارێتی تایبەت فراوان دەبێ، ئەویش لەڕێی رزگاربوون لە هەموو شێوەکانی قۆرخکاری کە لەسایەی پلانی ناوەندی و زاڵبوونی دەوڵەتدا تەشەنەی کردبوو.

٨.جەختکردنە سەر گەشەکردنی کەرتی تایبەت و پشتیوانیکردنی دامەزراوە بەرهەمدارییەکانی، بەوەی کە بیمەی بنەماکانی کەفائەتی ئابووری دەکات.

٩.گەشـەپێدان و چالاککردنی بازاڕی سـەرمایە، کـە لەسـایەی هـەژموونی کـەرتی گشتییدا بـوونی نەبوو.

١٠.رەخـــساندنی دەرفـــەت و بـــواری نـــوێی کارکردن.

## سێیەم: پاساوەکانی بەتایبەتیکردن

واقیع سەلماندوویەتی کە کاری دامەزراوەکانی کـەرتی گـشتی رووبـەڕووی کۆمـەڵێك ئاسـتەنگ بوونەتـەوە کـە خـۆی زیـاتر لـە نزمـی ئاسـتی بەرهەمداریی و کەفائەتدا دەبینێتەوە، ئەگەر هاتوو بـە کـەرتی تایبـەت بـەراورد بکرێـت، هەرچـەندە ژمارەیـەکی بەرچـاویش لـە دامـەزراوەکانی کـەرتی گـشتی سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـاوە، وەلـێ بەشـێکی بەرچاویـشیان زیـانی گـەورەیان کـردووە بەهۆی نزمی ئەداو ئاستی بەرهەمدارییان، ئەمەش بەهانەیـەکی دیـارە بـۆ ئـەوەی بـەئامانجی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کەفائـەتی بـەکارهێنانی دەرامەتەکانی ئابووریو رێگەدان بەکەرتی تایبەت، بۆ ئـەوەی رۆڵـی زیـاتر لەچالاکییە ئابوورییەکانـدا بگێـڕێ و دەرفـەتی زیـاتری کـارکردن بڕەخـسێنێ،

ئـەو پـرۆژەو دامەزراوانـە تايبـەتبكرێن، لەلايـەكى تريشەوە، بوار بۆ حكومەت برەخسێندرێ تاوەكو خەرجييـەكانى بەئاراستەى ئـەو كەرتانـە تـەرخان بكات كە دەستكەوتى كۆمەلآيەتى زياترى لێ بەدى دەهێنـدرێت، وەك كەرتـەكانى (تەندروسـتى، خوێنـدن و بونيـادى ئيرتكـازى) و فراوانكردنـى تۆڕەكـانى پاراسـتنى كۆمەلآيـەتى، لەبـەر ئـەوە گواسـتنەوەى خاوەنـدارێتى پرۆژەكـانى كـەرتى گشتى بـۆ كـەرتى تايبـەت بەهانـەى خـۆى هەيـە، دەكرێ لەم خالآنەى خوارەوەدا ديارى بكرێن:

١.كەمكردنـەوەى سياسـەتى دامەزرانـدن و كەمكردنـەوەى بێكـاريى داپۆشـراو لەبەرامبـەر پشتبەستن بەبنـەماى زانستى و بابەتيانـە لـەكاتى دامەزرانـدن بـەئامانجى راكێشانى هونەرييـەكان و ئەوانـەى ئاسـتى كەفائـەت و زانـستييان بـەرزەو دامەزراوەكان، لێيان بێبەشن.

٢.سـنورداركردنى دەسـتوەردانى فراوانـى حكومـەت لـەدياريكردنى نرخـەكان، هەرچـەندە لائحـەى نرخـەكان بنـەماى ياسـايى هەيـە، بـەلآم هێندێك لەو لائحانە كاريگەرى خراپى لەسـەر كارى ئەو دامەزراوانە هەيە.

٣.لاوازی سیستمی چاودێری، سیستمی چاودێریی دارایی و ئیداری لە زۆربەی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی لەرووی هونەرییەوە لاوازن و بەپێی پێویست بەئەرکەکانی خۆیان هەڵناستن، ئەوە جگە لەوەی ئامانجی ئەو سستمە لای بەرپرسانی روون نیە، ئەوەش دەبێتە هۆی نەبوونی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ چاودێریکردنی کاری دامەزراوەکان پێویستن.

٤. کەرتی تایبەتی بەبەراورد بەکەرتی گشتی، باشتر دەتوانیٚ بازاڕەکانی خۆی لەکێبڕکیٚ بپارێزێت، بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی نوێی ئیداری و تەکنەلۆجی، زاڵبوونی گیانی بیرۆکراسی و رۆتین لەکەرتی گشتی، کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی کێبڕکیٚ لەبازاڕەکاندا هەیە، بۆیە زۆرجار کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم هاتنە پێشی پرۆژەو بەرهەمی کێبڕکێکار لەڕێی بڕیارو یاساوە دەردەکات.

٥. لەو پرۆژانەی کەرتی گشتی، خاوەندارێتی، پەرت و بڵاوەو پشکەکانی بەهایان نیەو نافرۆشرێن، حەوافز بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کاری بەرهەمداری و کەفائەت بوونی نییە، چونکە

بەڕێوەبەرو کارمەندان و کرێکاران بەدەر لە ئاستی توانــاو کارکردنیــان مووچــەو کریــی خۆیــان وەردەگرن، چونکە دڵنیان لەوەی حکومەت لەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە بەردەوامــە لەپــشتیوانیکردنی ئاســتی بەرهــەمهێنانی دامــەزراوەکانی خــۆی، لەبەرامبەریــشدا، خاوەنــداریێتی کــەرتی تایبــەت ســنوردارەو پــشکەکانی لــەبازاڕدا بــەهای خۆیــان هەیە، بۆیە ئیدارەی ئەو دامەزراوانە سوورن لەسەر ئەوەی بەهای پشکەکانی، ڕەنگدانـەوەی کەفائـەتی ناوخۆی پرۆژەکانی بێت، ئەویش لـەڕێی کارکردنی بـۆ چاودێریکردنی ئاسـتی کـاری کارمەنـدەکانی و پێــشکەشکردنی بــەردەوامی حــەوافز(هانــدەر)، تـاوەکو بـەردەوام بن لەسـەر بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کارەکانیان.

٦. ســنوردابوونی دەســتوەردانی حکومــەت لەئیـدارەی ئـابووری پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەت، کەفائــەتی ئــابووری ئــەو پرۆژانــەی بــەرزکردووە، گریمانە ئەوەیە کە کاری پیاوانی حکومەت بەرەو ئیدارەدانی بەرژەوەندی گشتی بێ، بەو شێوەی کە لەسەر ئاستی هەمووەکی بیمەی کەفائەتی ئەدائی ئابووریی پرۆژەکان دەکا، چونکە ئامانجی گشتی

لەبوونی ئەو پرۆژانەی کەرتی گشتی گەشەپێدانی ئابووری و داخلکردنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و رەخساندنی دەرفەتی کارو پتەوکردنی ئاسایشی نیشتمانییە، بەڵام واقیع وێنایەکی پێچەوانەمان نیشان دەدات، پیاوانی حکومەت ئامانجیان بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانە، لەمیانی دەستوەردانیان لەپرۆژە گشتییەکان بەو جۆرەی کە لەسەر حسابی بەرژەوەندیی گشتی بیمەی(زامنی) بەرژوەندییەکانی خۆیان بکەن، ئەمەش دیاردەیەکی باوی ناو سستمی حوکمڕانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمە، کە سیاسییەکان لەبەرامبەر ئەو هەموو دەستکەوتانەیان بەشێکی کەمی تێچوونی ناڕاستەوخۆ دەگرنە ئەستۆ، کە ئەویش نزمی کەفائەتی کەرتی گشتییە.

## چوارەم: بنەماو دسپلینەکانی سەرکەوتنی بەتایبەتیکردن

بۆ ئەوەی پرۆسەی بەتایبەتیکردن بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، پێویستە ئەو بنەماو دسپلینانە زامنی کۆدەنگی گشتی لەسەر ئامانجەکانی پرۆسەکە دەکات، چونکە پرۆسەی بەتایبەتیکردن سیاسەتێکی تاکەکەسی، یان ئەو دار عەسایە نییە کە لێوەی چارەسەری هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەك هەژاری، بێکاری، نزمی نێوەنجی گەشەی ئابووری و نزمی ئاستی کەفائەتی ئابووری بکات، بەڵکو بەتایبەتیکردن بەشێکە لەپرۆسەیەکی ریفۆرمی تەواوکار، کە هاوکاتی سیاسەتە ئابوورییە هەمووەکییەکانی دیکەیە، بەتایبەتیکردن بەبێ بنەماو دسپلین کە خۆی لە کۆمەڵێك هەنگاو دەبینێتەوە کە دەبێ حکومەت لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بیگرێتەبەر، بەدی نایەت. ئەو هەنگاوانە بریتین لە:

١. پێویستە حکومەت بەشێوەیەکی گشتی کار بۆ چەسپاندنی جێگیری ئابووری بکات، تاوەکو لێوەی متمانەی تەواو فەراهەم بکا، بەتایبەتی

لــەکاتی جێبــەجێکردنی پرۆســەی گواســتنەوەی خاوەنــدارێتی لــە کــەرتی گــشتییەوە بــۆ کــەرتی تایبەت، لەو دەوڵەتانەی کە ئاستی متمانە لاوازەو هــــەنگاوە ئیدارییــــەکانیش لاوازن، پرۆســــەی گواستنەوەکە ئێجگار قورس دەبێت، ڕەخساندنی کەشێکی پڕ متمانە کات و هەوڵی زۆری گەرەکە، تــەنیا بــە کــشانەوەی حکومــەت لەچــالاکییە ئابوورییەکاندا بەدی نایەت، بەڵکو بەندە بە داب و نەریتی باوی ناو کۆمەڵ و ئەو پێوەرە باوانەی کە لــەپێکهێنانی بــازاڕدا ڕۆڵ دەگێــڕن، لەبــەر ئــەوە ســەرکەوتنی ئــابووری بــازاڕ بەنــدە بــە هۆکــاری سەرمایەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەگەر ئەو سەرمایەیە فەراهــەم بــوو، ئــەوا بازاڕەکــان دەبوژێنــەوەو پیــادەکردنی سیاســی و دیموکراســی بــەرەوپێش دەچێت.

٢. پێویستە چوارچێوەی یاسایی و ژمێریاری بۆ پرۆسەی بەتایبەتیکردن دیاری بکرێت و جۆرێك لە شەفافیەت و ڕوونگەرایی تەواو هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر جێگەی باوەڕبێ، ئەمیش متمانەی زۆر بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ریفۆرمی کەرتی گشتی و هەموو لایەنە سیاسی و وەبەرهێنەران و

کرێکـــاران و بەڕێوەبـــەرانی پـــرۆژە گـــشتییەکان دەدات، هـەروەها دەبـێ حکومـەت بـەوەی خـاوەنی کـەرتی گـشتییە، سەرپەرشـتی تـەواوی پرۆسـەی بەتایبەتیکردنـــە بکـــات، چـــونکە بـــوونی چـــەند لایـــــەنێکی سەرپەرشـــــتیار دەبێتـــــە هـــــۆی پەرتـــــەوازەکردنی هەوڵـــــەکان و پێکـــــدادانی بەرژەوەندییـــەکان، دەرئەنجامەکەیـــشی شکـــستی پرۆسەکەی لێدەکەوێتەوە.

٣. ئـــەوەی ئاشـــکرایە ژمـــارەی ئەوانـــەی لەدامەزراوە گشتییەکاندا کاردەکەن، زۆر لـەژمارەی ئەوانـەی لای کـەرتی تایبـەتن زۆرتـرن، لەیەکەمـدا زۆریـــان بـــەفعلی زیـــادەن، واتـــە نزمـــی ئاســـتی بەرهەمـداری دەسـتی کـاری دامـەزراوە گشتییەکان نیـــشان دەدات، بەبـــەراورد بەوانـــەی لای کـــەرتی تایبەتن. لەپرۆسـەی بەتایبەتیکردنـدا، هێنـدێك لـەو پرۆژانـە بنـەماکانی مانـەوەیان نییـە، دەبێتـە هـۆی دەرکردنـی ژمارەیـەکی زۆری کرێکـاران، لێـرەدا زۆر پێویستە حکومـەت هـەنگاو بـۆ قەرەبووکردنـەوەیان بنێـت، بـۆ یارمەتیـدانی ئەوانـەی لـەم پرۆسـەیەدا زیانیـــان بەردەکـــەوێت، تـــاوەکو بتـــوانێ ئـــەو پـــشتیوانییە سیاســـییەی بـــۆ پرۆســـەی ریفـــۆرم

بەدەستی هێناوە بی پارێزێت و بێکاریش نەبێتە هۆکارێکی سەرەکی خاوبوونەوەی پرۆسەی بەتایبەتیکردنەکە، لەبەر ئەوە باشتر وایە حکومەت بەر لەدەستپێکی پرۆسەکە هەنگاوی پێویستی هەڵنابێت، لەوانە دانانی سندوقی دڵنیایی کۆمەڵایەتی یان فراوانکردنی تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ئەوانەی بەهۆی پرۆسەکەوە بێکار دەبن، بەردەوام لە بیمەی (زامنی) کرێکەی پێشوویان بکەن.

٤. ئامادەکردنی رای گشتی، تاوەکو بیرۆکەی بەتایبەتیکردن وەربگریێ، بەتایبەتی کەماوەیەکی زۆر درێژە دەوڵەت کۆنترۆڵی تەواوی چالاکییە ئابوورییەکانی کردووە، ئەوەش قەناعەتێکی زۆری لای کۆمەڵ دروستکردوو بەوەی حکومەت دەتوانێ زامنی دابەشکردنی دادپەروەرانی داهات و پاراستنی هەژاران بکات، یان هێندێك خاوەن بەرژەوەندی تایبەت لەناو کەرتی گشتی دژایەتی گواستنەوەی خاوەندارێتییەکە دەکەن، ئەوانە بەتوندی بەگژ سیاسەتی کرانەوەی ئابووریدا دەچن. لەبەر ئەوە پێویستە رای گشتی ئامادەبکرێت، ئەویش بە روونکردنەوەی

بەرنامـــەکانی بەتایبـــەتیکردن لـــەڕێی میـــدیاو چـــاوپێکەوتن و کـــۆڕو کۆبوونـــەوەو وۆرکـــشۆپ، هـەروەها بـەوردی هۆکارەکـانی پەنابردنـە بـەر ئـەم سیاسـەتە روونبکرێتـەوە، نـەك تـەنیا بـاس لـەنزمی ئاستی بەرهەمداری و خزمەتگوزاری بکـرێ بـەڵکو دەبــێ ئامــاژەش بــە ئەزموونــە ســەرکەوتووەکانی دەوڵــەتانی تــریش بکرێــت، هــەروەها، بــاس لــەو کێشانەش بکرێ کە لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی بەتایبــەتیکردن پەیــدا دەبــێ و ئــەو هەنگاوانــەی پێویستن بنرێن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتـــــەوە، لەمـــــەوە کۆدەنگییـــــەك بـــــۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەکە دروستبکرێ، بەوەی کـە پرۆســەیەکی بەردەوامــەو پێویــستی بــەکات هەیــە، چونکە لەبەرامبـەردا رەوتێکی دیکـە هەیـە دژایـەتی دەکـاو دەتـوانێ کاریگـەری سـلبی لەسـەر کۆمـەڵ و تەواوی پرۆسەکە بکات.

٥.زۆر پێویستە کاتی گونجـاو و هـەنگاوی خێـرا بۆ بەتایبەتیکردنەکە دەستنیشان بکرێ، بەوەی کـە پرۆســـەکە لـــەرووی ئـــابووری و کۆمەڵایەتییـــەوە مەقبولە(هەموارە)، کاتێك سـەرکردایەتییەکی بـەهێز هــەبێ و پــشتیوانییەکی بــەهێزی سیاســی هــەبێ

لەلایەن ئەوانەی ئێستاو ئەوانەی دواییش، کە لە پرۆسەکە سودمەند دەبن، دەتوانێ رووبەڕووی دژەکانی ببێتەوە لە سەندیکاکانی کرێکاران و ئۆپۆزسیۆن، باشتر وایە پرۆسەی بەتایبەتیکردن بەشێنەیی جێبەجێ بکرێ، چونکە تێچوونە سیاسییەکەی، هەروەها سوودەکانیشی بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش دەبێ، بڕیاردەرانیش دەتوانن لەداهاتوودا هەڵەکانیان کەم بکەنەوە، دەبێ خراپییەکانی شێنەییش لەبەرچاو بگرین، کە رەنگە ببێتە هۆی خاوەخلیچکی و کەمووکورتی لە جێبەجێکردن و دواکەوتنی پرۆسەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

٦. بوونی بازاڕێکی چالاکی دارایی، توانای راکێشانی کاریگەرییە داراییەکانی پرۆسەی بەتایبەتیکردنەکەی هەبێت، پرۆسەکە زۆرجار بەهۆی فراوانبوونی سەرمایەی دامەزراوە گشتییەکەوە دووچاری کەمی سیولە دەبێتەوە، کاتێك بازاڕی دارایی و دامەزراوەی بانکی و وەبەرهێنانی ئەوتۆی نەبێ، کە بتوانێ سیولەی زۆر وەك قەرزی درێژخایەن یان ئامرازەکانی تری تەمویلکردن، فەراهەم بکات، ئەوا کاریگەری سلبی

دەكاتە سەر پرۆسەكەو دواتریش دەیكاتەسەر تەواوی ئەدائی ئابووری.

## پێنجەم: شێوازەكانی بەتایبەتیكردن

شێوازەكانی بەتایبەتیكردن زۆرو هەمەجۆرن، زۆربەی كات بەندە بەو كەرتەی كەبەنیازی بەتایبەتیكردنین، بەتایبەتیكردن هەیە لەڕێی دووبارە پەیكەربەندكردنەوەی دامەزراوەكانەوە دەكرێت، هی دیكە هەیە لەڕێی ڕێكخستنی كەرتی گشتییەوە دەكرێ و ئیدارەدانەكەی بۆ كەرتی تایبەتی دەگوازرێتەوە، شێوازی تریش هەیە وەك بەتایبەتیكردنی تەواو، ئەویش لەمیانی فرۆشتنی تەواوی كەرتی گشتی بۆ كەرتی تایبەتی، هەروەها بەتایبەتیكردن بە شێوازی(پشك) هەیە، بەگشتی لێرەدا هەوڵ دەدەین شێوازەكانی بەتایبەتیكردن بخرێنەڕوو:

١)بەتایبەتیكردن لەڕێی دووبارە پەیكەربەندكردنی دامەزراوەكان: لەڕێی گواستنەوەی دامەزراوەكانی كەرتی گشتی بۆ كەرتی تایبەتی دەكرێ، لەم شێوازەی بەتایبەتیكردندا، دامەزراوەكان دەكرێنە كۆمپانیای

گــشتیی پــشکدار کــە حکومــەت خاوەنیــەتی، دواتــریش پــشکەکانی ئــەو کۆمپانیایــە بەکــەرتی تایبــەتی دەفرۆشــرێت، بەمــەش خاوەنــدارێتی ئیدارەدانی ئەو دامەزراوەیە لەکەرتی گشتییەوە بۆ کــەرتی تایبــەتی دەگوازرێتــەوە، لەبــەر کۆمــەڵێك هۆکار پەنا بۆ ئەم جۆرەی بەتایبەتیکردن دەبرێ، لەوانە خۆ دوورگرتنە لەو لاسەنگییە پەیکەرییانەی کــە زۆرێــك لەدامــەزراوە گــشتییەکان رووبــەڕووی دەبێتــەوە، کــە کاریگــەرییان لەســەر جــۆری ئــەو خزمــەتگوزاریی و کالآیــەی ئــەو دامەزراوەیــە کــە بەرهەمی دەهێنیت.

٢) بەتایبــەتیکردن لــەڕێی رێکخــستنی کــەرتی: پەنا بۆ ئەم شێوازی بەتایبەتیکردنە دەبرێ کاتێك کار بۆ بەتایبەتیکردنی تــەواوی کــەرتێك دەکرێت، ئــەویش لــەڕێی ئازادکردنی کــەرتی دیــاریکراو کــە حکومــەت خاوەنیــەتی، وەلــێ ئــەو ئازادکردنــە بەشــێوەیەکی هەڕەمــەکی نــاکرێ، کــەرتی گــشتی دەســتەیەك یــان دامەزراوەیــەك پێکــدەهێنێ بــۆ پێداچوونەی کاروبارەکانی رێکخراوەیی ئەو کەرتە، ئــەو دەســتەیە ئــەرکی سەرپەرشــتیکردنی هــەموو

کاروبـاره ڕێکخراوەییـەکانی پەیوەسـت بـەو کەرتـە تایبەتکراوە لەئەستۆ دەگرێت.

٣) بەتایبـــەتیکردن لـــەڕێی گواســـتنەوەی ئیدارەوە: ئەم شێوازە کاتێك پـەنای بـۆ دەبـرێ، کـە حکومەت پرۆژەیـەکی گـەورەی هەیـەو پێویستی بـە سـەرمایەیەکی گـەورە دەبـێ و بەحکومـەت فەراهـەم نـاکرێ، لەبـەر ئـەوەی ئیـدارەدانی ئـەو پرۆژەیـە بـە کـــەرتی تایبـــەت دەدرێـــت، ئـــەم شـــێوازەی بەتایبـــەتیکردن تـــەنیا بەتایبـــەتیکردنی ئیـــدارە دەگرێتەوەو هیچ ئامادەکارییەك بۆ بەتایبەتیکردنی خاوەندارییەتیەکەی ناکرێت.

لـــەمیانی خوێندنـــەوەی ئـــەزموونی ژمارەیـــەك لەدەوڵـــەتان، تێبـــینی ئـــەوە دەکـــرێ کـــە لەجێبەجێکردندا دوو شێواز گیراوەتەبەر:

a) شـــێوازی یـــەك گوژمـــە کـــە لەیـــەکێتیی سـۆڤیەت جێبـەجێکراو و ئـەو دەوڵەتـەی بـەرەو هەڵوەشـاندنەوە بـرد، گرتنەبـەری ئـەم شـێوازە کێشەی گـەورە بـەدوای خۆیـدا دێـنێ و کاریگـەری سـلبی دەکاتـە سـەر ئـابووری ئـەو دەوڵەتانـەی پەیڕەوی ئەم شێوازە دەکەن.

b) شـێوازی هـەنگاو بـە هـەنگاو، کـە زۆربـەی دەوڵەتان پەیڕەوی دەکات، ئەم شێوازە دەریخست کـە شـێوازێکی سـەرکەوتووەو ئەگـەر هـاتوو ئـەو پرۆسـەیە بەهـەنگاوی نەخـشە بۆکێـشراوو تۆکمـە دەست پێبکات.

٤)بەکرێـــدان: لـــەڕێی بەکرێـــدانی دامـــەزراوەو کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی بە کەرتی تایبەت، یان بەکرێـدانی هێنـدێك لـە هێڵـەکانی ئـەو دامـەزراوەو کۆمپانیایانـــە بەکـــەرتی تایبـــەت لـــەپێناو گەشەپێکردنیاندا، دەکرێت.

٥)فرۆشتن: دوو جۆر فرۆشتن هەیە:

a) فرۆشـتنی راسـتەوخۆ بـۆ کـەرتی تایبـەت: دەوڵـــەت هەڵدەســـتێ بـــە فرۆشـــتنی دامـــەزراوەو کۆمپانیاکـانی کـەرتی گـشتی بـە کـەرتی تایبـەت لەڕێی گرێبەستی بەکرێدان یان ئیمتیاز.

b) فرۆشتنی (پشك): کەرتی تایبەت هەڵدەستێ بـە کـڕینی ڕێژەیـەکی دیـاریکراو لـە سـەرمایەی کۆمپانیـــا یـــان دامەزراوەیـــەکی گـــشتی کاتێـــك حکومـەت بەشـێکی پـشکەکانی ئـەو دامەزراوانـەی خۆی دەفرۆشێت.

کاتێــك حکومــەت هەڵدەســتێ بــە پرۆســەی گواستنەوەی خاوەندارێتی لەکەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت، دەبێ ئەو ڕێگەیە یان ئەو شێوازە گونجاوە دەستنیشان بکرێت کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو وڵاتەدا دەگونجێت، چونکە مەرج نیە شێوازی گونجاوی دەوڵـەتێك بـۆ دەوڵـەتێکی دیکـە گونجـاو بێـت، هـەر دەوڵەتـە بـەهۆی جیـاوازی هەلومـەرجی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی وسیاسییەوە لەدەوڵـەتێکی دیکـە ناچێت و دەبـێ باشـترین شـێواز بـۆ واقیعـی ئــــابووریی و کۆمەڵایــــەتی وسیاســــی خــــۆی دەستنیشان بکات.

## شەشەم: جۆرەکانی بەتایبەتیکردن

١)بەتایبــەتیکردنی خۆرســك: هانــدانی کــەرتی تایبەتــــە ( تــــاك و دامــــەزراوەو کۆمپانیاکــــان) بەشـێوەیەك کـە ئامـادە بکـرێ، تـاوەکو پێگەیـەکی بـەهێزی لەئابووریيـدا هـەبێت، بـەجۆرێك کـە ئـەو پرۆسەیە کاریگەری لەسەر ڕەوشـی ئـەو چالاکییانە نـەبێ کـە کـەرتی گـشتی پێـی هەڵدەسـتێت، ئـەم شێوازە لەبنەڕەتدا بەنـدە بـەو ئامرازانـەی حکومـەت بـۆ هانـدانی کـەرتی تایبـەت بـەکاریان دەهێنێـت و،

لەگەڵ ئەو زەمینەسازییەی بۆ گەشەکردنی کەرتی تایبەت لەئابوورییدا دەیکات، ئەویش لەرێی ئازادکردنی میکانیزمەکانی بازاڕو، هەروەها ئەو ئامرازانەی بۆ وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان لە دامەزراوە هەمەجۆرەکانی ئابوورییدا گونجاون، بڕەخسێنێت.

٢)بەتایبەتیکردنی پەیکەری: خۆی لەبچووکردنی کەرتی گشتی و کەمکردنەوەی قورساییەکەیدا دەبینێتەوە، بەفرۆشتنی هێندێك لەدامەزراوە بەرهەمداریی و خزمەتگوزارییەکان یان گواستنەوەی ئیدارەکەی بۆ کەرتی تایبەت، دەکرێت ئەم شێوازە بچێتە ژێر ناونیشانی ئەو سیاسەتە ریفۆرمخوازانەی کە هەر دوو رێکخراوی سندوقی نەختی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتی بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوە.

٣)بەتایبەتیکردنی ئاشکراو تەواوکار: تێیدا خاوەنداریێتیی گشتیی تەواوی یان بەشێکی پرۆژەکان بە کەرتی تایبەتی دەفرۆشرێت و پرۆژە حکومییە نا کاراکان پاکتاودەکرێن.

٤)بەتایبەتیکردنی پشککردن (مساهمة): ئەم جۆرەی بەتایبەتیکردن، خاوەنداریێتیی حکومی بۆ

پرۆژەکان دەهێڵێتەوەو، پرۆژە گشتییەکان بەکرێ بە کەرتی تایبەتی دەدرێن.

٥)بەتایبەتیکردنی ناواخن: ئەم جۆرە بەتایبەتیکردنەش خاوەنداریێتیی پرۆژە گشتییەکان بۆ دەوڵەت دەهێڵێتەوە بەڵام شێوازی ئیدارەدانی ئەو پرۆژانە بەئاراستەی گواستنەوە بەرەو بەکارهێنانی شێوازی کەرتی تایبەت دەبات.

لێرەدا دەبێ باس لەوە بکرێ کە کام لەم جۆرانە باشترینە، لەکاتێکدا ئابووریی دەوڵەتان هەر یەکەو بەپێی ئاستەکانی پەرەسەندنی لەوانی دیکە جیاوازە، دەوڵەت هەیە بەتایبەتیکردنی پەیکەری یان کەرتی تایبەتی بەشێنەیی خۆی بەشداری لە پرۆسەی تایبەتیکردندا دەکات، هەیە بەتایبەتیکردن بەتەواوی جێبەجێ دەکات و هی دیکەش هەیە بەشێکی جێبەجێدەکات.

## حەوتەم: ئامانجەکانی بەتایبەتیکردن

کەفائەت و گەشەپێدانی ئابووری و رەخساندنی دەرفەتی کار لەپێشینەی ئامانجەکانی پرۆسەی بەتایبەتیکردن دێن، کە لەمیانی راکێشانی سەرمایە (ناوخۆیی، بیانی)، پەرەدان بە کەفائەتە

ئیداری و رێکخراوەیی و بازاڕکاری و هونەرییەکان، پاشـان ئامـانجی فراوانکـردن و هەمـەڕەنگکردنی خاوەنــدارێتی بــۆ زیــادکردنی کێبڕکــێ دێــت، بەرێگـەدان بـە کـەرتی تایبـەتی لـەوەی بچێتە ئـەو بوارە ئابوورییانـەی پێشتر بۆ کـەرتی گشتی قۆرخ کرابــوون، هــەروەها ئەمــەش دەبێتــە هــۆی فراوانکردنــی چوارچــێوەی خاوەنــدارێتی و راکێــشانی ســەرمایەی نــاوخۆیی و بیــانی. ســووککردنی قورســاییەکانی بودجــە لەپێــشینەی ئامانجە داراییەکان دێ، کە خۆی لەو پشتیوانییە داراییانـەی کـە بـەو پرۆژانـە دەدران کـە لـەڕووی ئابوورییەوە هیچ سودێکیان نییە.

لێــرە هەوڵــدەدەین ئامانجــە ســەرەکییەکانی پرۆسەی بەتایبەتیکردن بخەینە ڕوو:

یەکەم: ئامانجە ئابوورییەکان:

١.باشترکردنی کەفائەتی ئابووری و زیادکردنی بەرهەمداری و پتەوکردنو گەشەپێدانی.

٢.گواســتنەوەی ئــابووریی پلانــدانراو بــۆ ئابووریی بازاڕ، کە لەسەر بنەمای کێبڕکێ و ئازادی بزاوتــی بازرگــانی و ئــازادی بزاوتــی ســەرمایە دامەزرابێت.

٣.بەهێزکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت لە گەشەو چالاکی ئابوورییدا.

٤.رەخساندنی بوار بۆ دەستپێشخەری تایبەت و تاکەکەسی و هاندانی وەبەرهینان و دووبارە دابەشکردنەوەی رۆڵەکانی نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

٥.ئازادکردنی بازرگانی دەرەکی و سەرمایە.

دووەم: ئامانجە داراییەکان:

١.سووککردنی بارگرانی بودجەی گشتی لەو خەرجییە زیادانەی کە بەردەوام بۆ پشتیوانیکردنی پرۆژە بێ سوودەکانی کەرتی گشتی تەرخان دەکران.

٢.زیادکردنی داهاتی دەوڵەت لەڕێی باجی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە.

٣.کەمکردنەوەی قورسیی قەرزی گشتی.

٤.هەڵمژینی بەشێك لەسیولەی نەختی بازاڕ بۆ کەمکردنەوەی رێژەی هەڵئاوسان.

٥.خوڵقاندنی بۆشاییەك لەنێوان وەبەرهێنان و پاشەکەوتکردن لەمیانی ئەو ئاسانکارییانەی بۆ وەبەرهێنانی بیانی دەکرێ، هەروەها کردنەوەی بازاڕی نوێ و رەخساندنی دەرفەتی کاری نوێ و

بـەکارهێنانی تەکنـەلۆجیای نـویٚ کـە کاریگـەریی ئەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری دەبێت.

سێیەم: ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:

١.رەخـساندنی وەزیفـەو بـواری کـاری نـویٚ بـۆ ئەنــدامانی کۆمــەڵ کــە لەگــەڵ پــسپۆرییەکانیان بگـونجیٚ، بەمـەش ڕێـژەی بێکـاری لـەنێو کۆمەڵـدا کەمدەکاتەوە.

٢.دووبــارە دابەشــکردنەوەی داهــات لــەنێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ، لەمیانی سەپاندنی باج بەسەر خاوەن داهاتە بەرزەکان بەرێژەیەکی بەرزتر لە خاوەن داهاتە نزمەکان.

## هەشتەم: پاساوەکانی بەتایبەتیکردن

بەهانــــەو هۆکارگــــەلێکی زۆر لەپــــشت پیادەکردنی پرۆسەی بەتایبەتیکردنـەوە هـەن، ئـەم پاساوانە لـە دەوڵەتێکەوە بۆ یـەکێکی دیکە بەپێی هەلومــەرجی ئــابووری ئــەو دەوڵەتانــە دەگــۆڕێن، هەوڵــدەدەین کــۆی ئــەو پاســاوانە لــەم خاڵانــەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١.فروانکردنی بنەمای خاوەندارێتی تایبـەتی بە قوڵکردنــــەوەی بەشــــداریپێکردنی تاکــــەکان و

هاندانیان بۆ گرتنە ئەستۆی پرۆسەی گەشەپێدان و کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر حکومەت.

٢.لاوازی ئەدائی کۆمپانیاو پرۆژەکانی کەرتی گشتی بەبەراورد بە کەفائەت و ئەدائی ئەوانەی کەرتی تایبەت، هۆکاری پاشەکشێی کەفائەتی ئەدائی کەرتی گشتی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١)کۆمپانیاو پرۆژەکانی کەرتی گشتی لەژینگەیەکی دابڕاو لە کێبڕکێی ناوخۆیی و دەرەکیدا کاردەکەن بەهۆی ئەو سستمی باربوو و باجە گومرگیە حکومییەکانەوە.

٢)نەبوونی پەیوەندیی لەنێوان تێچوونی راستەقینەی ئابووریی خزمەتگوزاری و بەرهەمدارییەکانی کەرتی گشتی و نرخەکانی پێشکەشکردن و فرۆشتنیان، ئەویش بەهۆی ئیعتباراتی کۆمەڵایەتییەکانەوە.

٣)لاوازی سستمی چاودێری و پیادەنەکردنی سستمی ژمێریای تایبەتی پەیوەندیدار بە سەرمایەوە.

٣.سووککردنی بارگرانی سەر بودجەی گشتی لەڕێی دوبارە دابەشکردنی خەرجی بەکاربردن و

هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تەرخانکراوەکانی خەرجییە گشتییەکان.

٤.راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لەمیانی هاوردنی دامەزراوە سەرمایە گوزارە بیانییەکان بۆ کڕینی بەش لە کۆمپانیاو پرۆژەکانی کەرتی گشتی و بەشداریپێکردنیان لە فراوانکردنی بنەماکانی بەرهەمداری و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکارییدا.

٥.بەجیهانیبوون و کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەو، پەرەسەندنی کاری دامەزراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانی وەك سندوقی نەختی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی کە پشتیوانی تەواوی پرۆسەی بەتایبەتیکردن و کرانەوەی ئابووری دەکەن.

## نۆیەم: پرۆسەی بەتایبەتیکردن لە ئابووریی عیراق

کەرتی گشتی بۆ چەندین دەیە کۆنترۆڵی زۆربەی چالاکییە ئابوورییەکانی کردبوو، ئەمەش لەو ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەو هەلومەرجەی دوای سەربەخۆبوونی ڕەخساندبووی، بەڵام ئەو کەرتە

لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێداندا شکستی هێنا، بەهۆی لاوازی لە بەگەڕخستنی باشی ئەو سامانە مادی و دارایی و مرۆییەی کە هەبوو، جگە لەوەی قورساییەکی گەورەی لەسەر بودجەی گشتی دەوڵەت دروست کردبوو لەگەڵ نزمی ئاستی بەرهەمداری و ئەدائی ئابووری و ئیداری، کەرتی تایبەتیش لاواز بوو بەهۆی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەم کەرتەی لغاو کردبوو، بەردەوامبوونی زاڵبوونی کەرتی گشتی کێشە ئابوورییەکانی عیراقی بەردەوام قوڵتر دەکردەوە، دواتریش درێژە کێشانی جەنگی عیراق ئێران، ئەو کێشانەی ئاڵۆزتر کردوو، حکومەتی ناچارکرد هەنگاو بەرەو گرتنەبەری ریفۆرمی ئابووری بنێت و دەرگا بەڕووی کەرتی تایبەتدا بکاتەوەو هاوبەشی بکات لەئیدارەدانی ئابوورییدا. لێرەدا ئەو هەوڵانەی عیراق بۆ بەتایبەتیکردن بەسەر دوو ماوەدا بەش دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.هەوڵەکانی بەتایبەتیکردن لەئابووریی عیراق بەر لەپرۆسەی رزگاری عیراق:

یەکەم: پرۆسەی بەتایبەتیکردن لەساڵی ١٩٨٧:

حکومــەتی عــیراق لەناوەڕاســتی هەشــتاکانی سەدەی رابردوو هێندێك هەنگاوی راستکردنەوەی لــەبواری ئــابووریی و پیــشەسازی دەســتپێکرد، خاوەنــدارێتیی پــرۆژە پیــشەسازی و بازرگــانی و خزمــەتگوزاری و حکومییــەکانی گواســتەوە بــۆ هــەردوو کــەرتی تایبــەت و هاوبــەش، لــەڕێی فرۆشتنی تەواو یان بەشێکی یان بەکرێیدانی، ئەمە سەرەڕای بەرنامەیەکی فراوانی ریفۆرمی ئابووری و دووبـارە پەیکەربەندکردنـەوەی ئـابووری و لادانـی هێنــدێك کۆتوبەنــدی ســەر بازرگــانی، هــەروەها سەبارەت بە پرۆژەکانی تری حکومەت گۆڕدران بۆ سستمی کۆمپانیـای گشتی یـان بـۆ سستمێك کـە لەسەر بنەمای بازرگانی کاربکەن، هەروەها ئاستی بازرگانی حکومی کەمکرایەوە بۆ کەرتی تایبەت، هەروەها رێگەدرا بە کەرتی تایبەت بەدامەزراندنی نەخۆشــخانەی تایبــەت و ناوەنــدی پزیــشکی، سـەبارەت بەکـەرتی بانکسازی، چەندین مۆڵـەت بـە دامـەزراوە بانکییـە ناوخۆییـەکان و ئـاڵوێری دراو درا، رێگــە بــەئاڵوێرکردنی دراوە بیانییــەکان و پاکتاوکردن‌و دانـی بەهای ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بـەو دراوانـە بکـرێن. لەلایـەکی تریـشەوە سـستمی

نرخانــدنی ئیلزامــی و پــەیڕەوکاری پارێزگــاری گومرگی هەڵوەشاندەوەو نرخی پشتیوانی لەسەر بەرهەمــە حکومییــەکان هــەڵگرت، لــەبواری تەندروستیشدا ڕێگە بە کەرتی تایبەتی درا بۆ دامەزراندنی نەخۆشخانەو ناوەندی پزیشکی.

بۆ بەڕێوەچوونی ئەو هەوڵانەی حکومەت، کۆمەڵێك بڕیارو یاساو سستم دەرچوون بە ئامانجی ریفۆرمی ئابووری و ئیداری بۆ لادانی کۆتوبەندو کردنەوەی کەناڵەکانی چالاکی بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئــەوەی بتــوانێ باشــتر بەشــداری لەچــالاکییە ئابوورییەکانــدا بکــات، بــەکردەوە، لــەو ماوەیــەدا چــەندین پــرۆژەی کــەرتی گــشتی بــەهۆی لاوازی کەفائەتی ئەدائیان و نەبوونی سوودی ئابووری و دارایی و هونەرییان، بەتەواوی یان بەکرێ درانە کەرتی تایبەتی. ئاراستەکانی بەتایبەتیکردنی دوو تەوەری گرتەوە:

**یەکەم:** لادانی کۆتوبەندی سەر کەرتی تایبەت و ڕێگــەدانی بــۆ ئەنجامــدانی ئــەو چــالاکییە ئابوورییانەی کە پێشتر بۆی نەبووە ئەنجامی بدات.

**دووەم:** گواســتنەوەی خاوەنــدارێتی ژمارەیــەك پرۆژەو دامەزراوەی گشتی بۆ کەرتی تایبەت.

ئـەوەی جێـی ئاماژەپێدانـە، ئـەو هەنگاوانـەی لەساڵی ١٩٨٧وە جێبەجێکران، ریفۆرمی هەندەکی بوون و چەند کەرتێکی دیاریکراوی گرتەوە، بەبێ ئـەوەی بـەپێی بەرنامەیـەکی گـشتلایی ریفـۆرمی ئـابووری بێـت‌و، بـەرەو راسـتکردنەوەی مەسـاری ئابووری بەئاقاری بەرزکردنەوەی کەفائەتی ئەدائی ئیـداری و ئابوورییـدا بێـت، واتـە ئـەو هەنگاوانـەی حکومـەتی عـیراق بـۆ دەربـازبوون بـوو لـەو کێـشەو قەیرانانـەی بـەرۆکی ئـابووریی عیراقـی گرتبـوو. دیارترین ئەو هەنگاوانە:

یەکـەم: بەتایبـەتیکردنی پـرۆژە گـشتییەکان: لەساڵی ١٩٨٧دا حکومەت ژمارەیـەکی زۆری پـرۆژە گشتییەکانی دا بەکەرتی تایبەت، هـەروەها دەسـتی کـرد بەجێبـەجێکردنی هـەنگاوەکانی گواسـتنەوەی خاوەنـداریێتی پرۆژەکـانی کـەرتی کـشتوکاڵ، پیـشەسازی، خزمـەتگوزاری و بازرگـانی، زۆرترینیـان لەکـەرتی کـشتوکاڵ بـوو، هەرچـەندە حکومـەت سـەرمایەیەکی ئێجگـار زۆری بـۆ تـەرخان کردبوو، بەڵام نەیتوانی بوو ئامانجەکانی بپێکێت، هێنـدێکیان گواسـترایەوە بـۆ کـەرتی تێکـەڵاو، وەك هـەوڵێك بـۆ پەیکەربەنـدکردنیان بەپـشت بەسـتن

بەپرنسیپی ئیدارەی بازرگانی لەپێناو بەرزکردنەوەی کەفائەتی ئابوورییان، پرۆسەی بەتایبەتیکردن لەڕێی شێوازی فرۆشتنی راستەوخۆ بە زیادکردنی ئاشکرا ئەنجام درا.

دووەم: ریفۆرمی دارایی: بەردەوام کورتهێنانی بودجەی گشتی، حکومەتی ناچارکرد زنجیرەیەك هەنگاو بگرێتەبەر بۆ زیادکردنی داهاتی گشتی لەڕێی زیادکردنی کەفائەتی باج وەرگرتن و زیادکردنی نرخ و رەسم و نرخەکانی ئەو کالاّو خزمەتگوزارییانەی حکومەت پێشکەشی دەکات.

سێیەم: ریفۆرمی نەختی و بانکی: سیاسەتی ریفۆرمی نەختی جەختی لەسەر سیاسەتی نەختی ناراستەوخۆ دەکرد، چونکە ئامرازە نەختییە راستەوخۆکانی بەردەستی سنوردار بوو، بەتایبەتی پرۆسەکانی بازاڕی کراوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی بازاڕی نەختی پەرەسەندووی کاغەزە داراییەکان، هەروەها ئەو هەنگاوانەی بۆ ریفۆرمی سیاسەتی نەختی داڕێژرابوون، بانکی ناوەندی لەدەستوەردان لە دیاریکردنی نرخی سوود بەدوور نەگرت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بانکی ناوەندی بەردەوام بوو لەدەستوەدانی راستەوخۆ لە

دیــاریکردنی ئــەو نرخانــە لــە هــەموو دامــەزراوە ( گشتی، تایبەت، بازرگانی و وەبەرهێنان) کاندا.

**چوارەم:** راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی: هەوڵێك بۆ راکێشانی سەرمایەی بیانی و عەرەبی هەبوو بۆ دامەزرانــدنی پــرۆژەی وەبــەرهێنان، لــەو هەوڵانــە دامەزراندنی ناوچەی ئازاد وەك ناوەندی راکێشانی وەبــەرهێنانی بیــانی راســتەوخۆ و بەخــشینی لــە قازانج و سوودی ئەو سەرمایانەدا لەو ناوچە ئازادە لە باجی دەرامەت یان هەر باجێکی دیکە.

ئەو ئاراستانە بەچەندین یاساو بڕیار پشتیوانی لێکرا کە کاریان بۆ:

١) رێگــەدان بــە هــاوردە بــەبێ رەوانــەکردنی پــارە بۆ دەرەوە.

٢) کورتکردنــەوەی ئــەو پرۆژانــەی پلانیــان بــۆ دانرابــوو، بــۆ ئــەو پرۆژانــەی کــە پەیوەنــدییان بــە پشتیوانیکردنی تواناکانی جەنگەوە هەبوون.

٣) هاندانی کــەرتی تایبــەتی بۆ چوونە نێو ئەو پرۆژانەی کە حکومەت لەو هەلومەرجەی تێیدابوو نەیدەتوانی لەئەستۆی بگرێت.

٤) فرۆشتنی کۆمــەڵێك لــەو پــرۆژە ئابوورییانــەی حکومەت بەکەرتی تایبەت.

ئەو هەنگاوانەی حکومەت  شوێن دەستی دیاری لەسەر رۆڵی کەرتی تایبەتی لە ئابووریی عیراقدا هەبوو. بەشداری کەرتی تایبەتی لە کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا بەرزکردەوە، لەبەرامبەریشدا کەرتی گشتی پاشەکشێی کرد،  بەشداری کەرتی تایبەت لەساڵی ١٩٨٠دا تەنیا ( ١٦,٧٨٪) بوو لەساڵی ١٩٩٠ بۆ (٤٦,١٤٪) بەرزبوەوە.

**دووەم: هەوڵی ریفۆرمی ئابووری لەساڵی ١٩٩٠:**

قۆناغی ریفۆرمی ئابووریی عیراق لە هەشتاکان بەهۆی گەمارۆی ئابووری سەپێندراو بەردەوام نەبوو، چونکە ئەو گەمارۆ ئابوورییە دەرئەنجامی سلبی لەسەر بونیادو پەیکەری ئابووریی هەبوو. لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٥دا رەوشی ئابووریی عیراق تا ئەوپەڕی ئاڵۆزبوو، کاتێك نرخی گۆڕینەوەی یەك دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بەدینار زۆر بەرزبووەوە، کاتێك یەك دۆلار دەیکردە (٣٠٠٠)هەزار  دینار، زۆربەی نرخەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەپێی ئەو نرخی گۆڕینەوەیە دیاری دەکران، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە نێوەنجی مووچەی فەرمانبەرێك لەسنوری (٣٠٠٠) هەزار

دینــاردا بــوو، کــە دەیکــردە تــەنیا یــەك دۆلاری ئەمریکی.

لەســــــاڵی ١٩٩٦داو دوای جێبــــــەجێکردنی یاداشـتنامەی تێگەیـشتنی نێـوان عـیراق و نەتــەوە یەکگرتووەکان، ئابووریی عیراق بزاوتێکی ریفۆرمی ئــابووریی تــری بــەخۆوە بــینی، کــە فراوانبــوونی چـــالاکییە ئابووریيـــەکانی کـــەرتی تایبـــەتی لێکەوتــەوەو رێــژەی بەشــداری کــەرتی تایبــەتی لــە پێکهێنــانی کــۆی بەرهــەمی نــاوخۆی لــە بەرهــەمی کــەرتی کــشتوکاڵ گەیــشتە (٩٠٪)، لــە ســەرەتای گــەمارۆی ئابووریيــەوە تــا ســاڵی ٢٠٠٢ کــەرتی تایبــەتی رۆڵێکــی گــەورەی لــە بزاوتــی بازرگــانی و هێنــدێك لــە چــالاکییە خزمەتگوزارییەکانــدا گێــڕا، حکومــەت پلانێکــی ریفــۆرمی ئــابووری دانــا، کــە کۆمــەڵێك پرنــسیپی لــەخۆگرت، کە لــە دوای ســاڵی ١٩٩٥ وە کــاری لەســـەرکرد، جگـــە لـــە بڕیـــارو هــەنگاوەکانی بــۆ کەمکردنــەوەی رێــژەی هەڵئاوسـان و کەمکردنــەوەی کورتهێنــانی بودجــەی گــشتی و کەمکردنــەوەی خــەرجی حکــومی و فراوانکردنــی داهــاتی حکومــەت و جێبــەجێکردنی سیاســەتێکی نــەختی دەســتگرتنەوە بــۆ ســنوردارکردنی رێــژەی

بەرزی هەڵئاوسان و زیادکردنی داهاتی حکومەت لەڕێی باج و رەسم و نەهێشتنی بەخشینەکان و چاوخشاندنەوە بە پشتیوانی حکومی و راگرتنی یارمەتییەکان، هەرچەند لەماوەی رابردوودا رۆڵی ئیجابی لە هاوسەنگکردنی بودجەی گشتیدا گێڕا.

ئابووریی عیراق بەهۆی زیادەڕۆیی لەسەپاندنی باج و رەسم و هەنگاوەکانی تریدا لە پاشەکشیدا بوو، کە بە ئامانجی راکێشانی سیولەی نەختی بوو لەبازاڕ بۆ زیادکردنی داهاتەکانی حکومەت، هەموو ئەوە دەیخوازی حکومەت هەنگاوی زیاتر بگرێتەبەر بۆ رەخساندنی دەرفەتی کار، کە لە ساڵی٢٠٠٠ وە دەستی پێکرد، لەو هەنگاوانە ئیمتیازات بەو پرۆژە بەرهەمدارییانە دران کە کەرەستەی ناوخۆین بەکاردەهێنن بۆ ماوەی نێوان (٥بۆ ١٠) ساڵ لەباج دەبەخشرێن و کرێی رەمزییان لێ وەردەگیرێت، هەروەها سندوقێکی گەشەپێدان دانرا، بۆ پێدانی قەرز بەو پرۆژانەی ئەو ئیمتیازاتانە دەیانگرێتەوە. لە بواری کشتوکاڵیشدا، حکومەت بەردەوام بوو لەپێدانی نرخی هاندەر بۆ کڕینی بەروبوومە بنەڕەتییەکان و دانەوێڵە کە لە بەرهەمی پیشەسازییدا بەکاردێن.

هەوڵی ریفۆرمی ئابوری لە ساڵی ١٩٩٥دا، خاڵە لاوازەکانی بونیاتی ئابووریی عیراقی بە کۆمەڵێك خاڵ دەستنیشان کرد، لەوانە:

١.هەڵکشانی خێرای نێوەنجی هەڵئاوسان، کەپاشەکشێی پاشەکەوت و داشکاندنی هێزی کڕینی کریٚ و بەهای دیناری لێکەوتەوە.

٢.داتەپینی ئاستی چالاکی ئابووری و پاشەکشێی ئاستی گەشە کردنی.

٣.فراوانبوونی لەرادەبەری جیاوازی لەدابەشکردنی داهات و سامان و قازانجدا.

٤.داشکانی نرخی گۆڕینەوەی دراوی عیراقی لەبەرامبەر دراوە بیانییەکان لەسەرووی هەموویانەوە لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دا.

٥.لارسەنگی و شێواوی پەیکەری باج لەعیراق.

٦. داخورانی قەبارەی مایەو یەدەکی بیانی لەبانکی ناوەندی عیراقدا.

٧.لارسەنگبوونی هاوسەنگی گشتی لەبونیاتی ئابووریی عیراقدا.

٨.هەڵکشانی فراوانی نێوەنجەکانی بێکاری لەنێو دەستی کاری عیراقدا.

دەرئـەنجامی پرۆسـەکانی بەتایبـەتیکردن لـەو ماوەیەدا، ڕێژەی بەشداریکردنی کەرتی تایبەتی لە کـۆی بەرهـەمی ناوخۆییـدا هەڵکـشاوە، لەبەرامبەریـشدا ڕۆڵـی کـەرتی گـشتی پاشەکـشێی کـردووە، لەسـاڵی ١٩٩٠ ڕێـژەی بەشـداری کـەرتی تایبـەت (٦١,٦٪) بـووە، لەسـاڵی ١٩٩٩دا بـۆ (٩١,٧٪) بەرزبووەتـەوە، لەبەرامبەریـشدا، ڕۆڵـی کەرتی گشتی کە لەساڵی ١٩٩٠دا (٣٨,٤٪) بووە، لەساڵی ١٩٩٩دا بۆ (٨,٣٪) پاشەکشێی کردووە.

٢.بەرنامـەی بەتایبـەتیکردن لـەدوای سـاڵی (٢٠٠٣)ەوە:

کێـشەی تـەمویل دەرئـەنجامی کورتهێنـانی درێژخایـەنی بودجـەی گـشتی و کورتهێنـانی تەرازووی پێدان، گەورەترین ئەو فاکتەرانە بوون کە حکومـەتی عیراقـی ناچـارکرد پـەیڕەوی سیاسـەتی بەتایبـەتیکردن وەك میتـۆدیکی ریفـۆرمی ئـابووری بکات، هەروەها لاوازی کـەرتی گشتی بـەجۆرێك کـە هێنـدێك لـە دامـەزراوەکانی ئـەو کەرتـە بەشـێکی دیاری داهاتی بودجەی گشتی بۆ خۆی دەبرد، کە ببوونـە سەرچـاوەی بەهـەدەردانی ئـەو دەرامەتانـە، جگـە لـە فراوانکردنـی پرۆژەکـانی کـەرتی گـشتی

بەشـــێوازێك كـــە لەگـــەڵ پێداویـــستییەكانی گەشـــەپێدانی ئـــابووری و كۆمەڵایـــەتی عیراقـــدا نەدەهاتنەوە.

ئەو گوشارانەی كە حكومەتی عیراقی ناچاركرد لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ە وە پەیڕەوی بەتایبەتیكردن بكات:

١) قـــەیرانی بونیـــاتی ئـــابووری، بڕیـــاردەرانی سیاسـەتی ئـابووری ناچـاركردووە بـۆ دەسـتكردن بـــەریفۆرمی ئـــابووری و گرتنەبـــەری گۆڕانكـــاری ریشەیی لە بونیاتی ئابوورییدا.

٢) قـــەرزاری دەرەكـــی و گوشـــاری دامـــەزراوە قەرزدەرەكان و پێویستییەكانی دانەوەی قەرزەكان، عیراقـــی ناچـــاركرد ئابوورییەكـــەی ئـــازاد بكـــات و دووبـارە پەیكەربەنـدی بكاتـەوە، دەوڵـەتانی یانـەی پـاریس لەسـاڵی (٢٠٠٣)ەوە قـەرزە دەرەكییـەكانی عیراقی بە (١٢٣) ملیار دۆلار مەزندەكردووە.

٣) ئاوەدانكردنـــەوەی عـــیراق پێویـــستی بـــە تەمویلێكی ئێجگار زەبەلاح و زۆرە.

لایەنگرانی بەتایبەتیكردنی پێیان وایە كە:

١) بەتایبەتیکردن دەبێتە هۆی پێدانی حەوافز بە پرۆژە ئابوورییەکان لەمیانی کەمکردنەوەی ریژەی باج لەسەریان.

٢) کەرتی تایبەتی دەبێتە هۆی هاندان و زیادکردنی ئاستی کێبڕکێ لەبازاڕەکان، لەمەشەوە کەفائەتی ئابووریی پرۆژەکان بەرزدەبێتەوە.

٣) پیاوانی کار باشتر دەتوانن چاودێریی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارو چالاکییەکانی پرۆژە ئابوورییەکان دەکەن و بەدواداچوونی بەردەوامیان بۆ بکەن.

لەبەرامبەریشدا، ئەوانەی دژایەتی ئەم پرۆسەیە دەکەن پێیان وایە، ئاسەواری سلبی لەسەر ئابوری عیراق هەیە:

١) کەرتی تایبەت هێشتا ئەو شارەزاییەی نییە کە بتوانێ ئیدارەی پرۆژە گەورەکانی ئابووری بدات.

٢) پرۆسەی بەتایبەتیکردن دەبێتە هۆی زیادکردنی رێژەی بێکاری لە ئابوورییدا.

٣) دەبێ دەرفەتی تەواو بدرێ تاوەکو بەرنامەکانی بەتایبەتیکردن ئیستیعاب بکرێ،

چونکە چەندین خەوش و ئاسەواری سلبی لەسەر ئابووریی عیراق هەیە.

چەندین پێداویستی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی بەتایبەتیکردن لەئابووری عیراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەوانە:

١) گەشەکردنی مەیلی رادەداری پاشەکەوت و دەرکەوتنی دامەزراوە پاشەکەوتکراوەکانی کەرتی تایبەت، ئەوکات سەرکەوتوو دەبێ کە تاکەکان و کۆمەڵ دەرك بە گرنگی پاشەکەوتکردن بکەن و ئامادەبن قوربانی بدەن بەوەی پاشەکەوتکردنەکانیان بەرەو وەبەرهێنانی راستەقینە ببەن.

٢) دەرکەوتنی توێژی پیاوانی کار، کە توانای وەبەرهێنانی ئەو پاشەکەوتانەیان هەبێ و بتوانن ئامانجەکانیان بپێکن، چونکە دەبێ ئەو پاشەکەوتان بکەوێتە بەردەستی ئەوکەسانەی توانای ئیدارەدان و رێکخستنیان هەیە و شارەزای و توانای پێشبینیکردن و داهێنانن لە پرۆسەی بەرهەمدارییدا.

٣) ژێرخانی ئابووری، بوونی ژێرخانێکی پتەوی ئابووری، خواستی سەرەکی کاری کەرتی

تایبەتــە، تــاوەکو بتــوانیٚ رۆڵــی لەپرۆســەی گەشــەپێدانی ئـابووری و کۆمەڵایەتییــدا بگێــڕیٚ دەست بە سەرمایەگوزاری بکات بۆ فراوانکردنی چالاکییە بەرهەمداری و خزمەتگوزارییەکان.

٤) ســنوری جیاکــاری نێــوان هــەردوو کــەرتی گشتی و تایبەت، لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی ئابووری و پەرەســەندنی ئــابووری بەرپرســیارێتییەکەی دەکەوێتــە ئەســتۆی هــەردوو کــەرتی گــشتی و تایبـەت، بەڵام مەسەلەکە پێویستی بەهـەنگاونانی جدی لە دیاریکردنی کاری ئەو دوو کەرتەدا هەیە.

٥) بایەخــدان بــە ناوەنــدەکانی توێژینــەوەو پەرەپێــدان و زیــادکردنی رێــژەی خــەرجی تـەرخانکراو بۆ ئەو بوارە، لەسەر ئەو بنەمایـەی عیراق خاوەن توانایەکی زانستی باشی هەیە.

## دەیەم: بەتایبەتیکردن لەهەرێمی کوردستان

مێژووی دەستپێکردنی پرۆسەی بەتایبەتیکردن لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٢ دەگەڕێتەوە، بــەڵام بــەبیٚ بــوونی ئامــانج و ســتراتیجیەتێکی دیـاریکراو، پرۆسـەکە زیـاتر کـەرتی پیـشەسازی گرتـەوە، چـونکە کـەرتی پیـشەسازی لـە هـەرێمی

کوردســـتان بەگــشتی بەدەســـت کۆمـــەڵێك کێـــشە وگـرفتی زۆر گـەورەوە دەنـاڵێنیّ، هـەر لـە بـچووکی کەرتەکـەو کـەمی بەشـداری لـە پێکهێنـانی داهـاتی نەتەوەییـداو کـەمتوانایی ئـەم کەرتـە لـەدابینکردنی پێداویـستییەکانی بـازاڕی نـاوخۆو لاوازیـی توانـای کێبڕکێـی لەگــەڵ بەرهــەمی دەوڵــەتانی دراوســیّ، بـــەهۆی بـــوونی ژمارەیـــەکی زۆری کرێکـــاری نەشارەزاو نەخوێندەوارو، ئـامێرو کەلوپـەلی کـۆن ( تەکنـەلۆجیای ناوەراسـتی سـەدەی رابـردوو)، تـا دەگاتە ئەو یاسایانەی کە ئازادی کاری ئەو کارگـەو کۆمپانیایانـەی کـەرتی گـشتی بـۆ ئـەوەی لەگــەڵ پێداویـستییەکانی بـازاڕدا وێـك بێنـەوە، سـنوردار دەکات. ئەم هەلومەرجـەی پیشەسازی ئـەم کەرتـەی کردۆتـەبار بەسـەر حکومەتـەوە، ئـەو رەوشـەی ئـەم کەرتـــە لەلایـــەکی دیکـــەوە بارگرانییـــەکی زۆر گەورەشی بۆ گەنجینەی حکومەت دروست کردووە، لەبەر ئەوەی حکومەت دەیویـست بەهـەرچ شێوازێك بێت خۆی لیّ رزگار بکات.

لەبــەر ئــەوەی کــەرتی پیــشەسازی لەبنەڕەتــدا کـــەرتێکی لاوازە، پرۆســـەی بەتایبـــەتیکردن لـــەم کەرتەشدا کاریگەرییەکی ئـەوتۆی لەسـەر پرۆسـەی

**گەشەپیدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان نابێت، ئەوە چ جای ئەوەی کە بیٚ پلان و بەرنامەیە، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژانەی لەو چوارچێوەیەدا بەتایبەت کراون، نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت.**

**ژمارەی کارگە حکومییەکان بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٧ تەنیا (٢٠) کارگەن، لەم کارگانە (١٣) کارگەیان بەتایبەت کراوە، کە (٨)یان لەپارێزگای سلێمانی و (٣) یان لە هەولێرەو (٢)وەکەی دیکەشی لە دهۆکە. کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە:**

**قەبارەی پرۆسەی بە تایبەتیکردنو شێوازەکانیو داهاتی سالانەیان لە هەرێمی کوردستان ( ٢٠٠٢-١/١٠/٢٠٠٨ )**

| | ناوی کارگە | شێوازی بەتایبەتیکردن | بەرواری بەتایبەتکردن | ماوەی بەکرێدان | داهاتیسالانەی بەتایبەتیکردنی | وەبەرهێن یان کۆمپانیا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار | بە کرێدانی عەینی | ٢٠٠٥ | ٣ | (١٥٠٠) تەن چیمەنتۆ مانگانە | کۆمپانیای نۆکان |
| ٢ | کارگەی جگەرەی سلێمانی | گرێبەستی هاوبەش | ٢٠٠٤ | | بەپێی قەبارەی قازانج دەگۆڕێت | کۆمپانیای VESTAPOINT و حکومەت |
| ٣ | کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە | بەکرێدانی عەینی | ٢٠٠٤ | ١٢ | (١٠٠٠) تەن رۆژانە | کۆمپانیای یەکگرتوو |
| ٤ | کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی | بەکرێدان | ٢٠٠٦ | ٢٠ | (١٢٠٠٠٠) دولار | کۆمپانیای شێنیٚ |
| ٥ | کارگەی ئاوی بانی خێڵان | بەکرێدان | ٢٠٠٥ | ١٥ | ١٠٠٠٠٠ دولار | کۆمپانیای (W.I.S) بریتانیو وەبەرهێنێکی ناوخۆیی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | کارگەی خوێی یۆدی بازیان | بەکرێدان | ٢٠٠٧ | ٢٥ | -٢١٦٠٠٠٠٠٠ دینار | کۆمپانیای دەرگەزێن |
| ٧ | کارگەی رۆنی رووەکی عەربەت | تأجیر | ٢٠٠٧ | ٢٥ | ٢٤٠٠٠ دولار | کۆمپانیای (جسرالسلام) ئوردنی |
| ٨ | معمل البان بانی خیلان | تأجیر | ٢٠٠٨ | - | -١١٤٠٠٠٠٠٠ دینار | وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی |
| ٩ | کارگەی رستن و چنینی هەولێر | پاکتاوکردن و فرۆشتن | ٢٠٠٦ | | غیر واضح | کۆمپانیای (الحیاه) |
| ٠ | کارگەی جگەرەی هەولێر | بەکرێدان | ٢٠٠٢ | ٢٠ | ١٢٠٠٠٠-دولار | کۆمپانیای کانی |
| ١ | کارگەی رخام هەولێر | بەکرێدان | لەساڵی ٢٠٠٤ | ٢٥ | -٢٣٧٤٤٠٠٠ دینار | کۆمپانیای عبد الباقی |
| ٢ | کارگەی رستنی دهۆک | پاکتاوکراو | ٢٠٠٨ | | ناڕۆشنە | - |
| ٣ | کارگەی رۆنی رووەکی ئاکرێ | بەکرێدان | ٢٠٠٨ | ٢٥ | ٤٢٠٠٠٠ دولار | کۆمپانیایەکی ئیتالی |

لەگـــەڵ ئـــەوەی ژمـــارەی کارگـــەو دامـــەزراوە پیـشەسازییەکانی هـەرێمی کوردسـتان زۆر کـەمن، بەشـی هـەرە زۆریـان کارناکـەن و پـەکیان کـەوتووەو کێشەی داراییـان هەیـە، هـەر ئـەوەش وای کـردووە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەبودجـەی گـشتی ساڵانەیدا بڕێکـی ئـەوتۆی بودجـەی بـۆ تـەرخان ناکـات، تـاوەکو کارگـەی دیکـە یـان ئەوانـەی هـەن نـــۆژەن بکرێنـــەوە، زۆربەشـــیان دیـــاریکراون بـــۆ بەتایبەت کردن، هەرچەندە ئەو پرۆسەیەش کێشەو ئاستەنگی زۆری لەبەردەمە، بەوەی کە نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت.

لەبەرامبەریـشدا، کـەرتی پیـشەسازی تایبـەت لـەفراوانبوونی بەردەوامدایـە هەرچـەندە ئـەمیش بـەهۆی کۆمـەڵێك هۆکـارەوە نـەیتوانیوە لەئاسـتی پێویـستدا بێـت، چـونکە هێـشتا ژێرخـانی ئـابووری وەك پێویست نیەو بازاڕی دارایی لەهەرێمدا بوونی نییەو ڕێژەی هەڵئاوسان بەرزەو گەندەڵی دارایـی و ئیـدارییش کێـشەیەکی تـری بـەردەم پرۆسـەکەیە، لەسەرووی هەموویانـەوە حکومـەت دیـدێکی روونـی لەو بارەوە نییە.

کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی بەتایبەتیکردن لەهەرێمی کوردستان:

١) لاوازی ژینگەی تەشریعی و یاسایی، هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك پرۆژەی کەرتی گشتی بەکرێداوە، بەڵام هێشتا یاسایەکی تایبەتی بەو پرۆسەیە نییە.

٢) نەبوونی دامەزراوەیەکی حکومی تایبەتمەند، کە ئەرکی ئەو پرۆسە گرنگ و ئاڵۆزە بگرێتە ئەستۆ، پرۆسەکە لەسەر بنەمای زانستی و پێوەر بەڕێوەبەرێت.

٣) نەبوونی شەفافیەت کە بەیەك لەبنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی ریفۆرمی ئابووریی و کرانەوەی ئابووری دادەنرێت.

٤) نەبوون یان سنورداری بازاڕی کاغەزە داراییەکان، ئەمەش دەرئەنجامی لاوازی پەرەسەندنی ئابووری و نزمی ئاستی پاشەکەوتکردنە، لەهەرێمی کوردستان بازاڕی دارایی لاوازە بەهۆی نەبوونی ژمارەی تەواوی ئەو کۆمپانیایانەی دەتوانن ئاڵوێری پشکەکانیان بکەن، ئەمە جگە لە بچووکی قەبارەی ئاڵوگۆڕی راستەقینە لەئابوورییدا.

٥) لاوازی کـــەرتی تایبـــەت بـــەهۆی نـــەبوونی شارەزایی تەواو، سەبارەت بەوەی پرۆژەی گەورە بەڕێوەبەرێت، ئەم ڕاستییەش بەروونی دەردەکەوێ کاتێك ئەم کەرتە نەیتوانیوە پەرە بەو پرۆژانە بدات کە بەکرێی گرتوون، بەشێکیان هەر وەك خۆیان ماون.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان:

١- د. حازم الببلاوي، دور الدولة في الاقتصاد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٩.

٢- رفعت عبد الحليم الفاعوري ، تجارب عربية في الخصخصة ، المنظمة العربية للتنمية الادارية ، القاهرة، ٢٠٠٤.

٣- عادل فليح العلي ،المالية العامة والتشريع المالي ، جامعة الموصل ،موصل ، ٢٠٠٢.

٤- عبده محمد فاضل الربيعي، الخصخصة واثرها على التنمية بالدول النامية ، مكتبة مدبولي ،القاهرة ،٢٠٠٤.

٥- محمد رياض الابرش ونبيل مرزوق ، الخصخصة افاقها وابعادها ، ط٢، دار الفكر ، دمشق ، ٢٠٠٢.

٦- هوشيار معروف ، دراسات في التنمية الاقتصادية (استراتيجيات التصنيع والتحول الهيكلي)- طروحات فكرية وحالات دراسية، ط١، دار الصفاء للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥.

٧- احمد ، تحليل تجارب دولية مختارة في الخصخصة مع التركيز على تحليل وتقييم عمليات خصخصة القطاع الصناعي في اقليم كردستان العراق للمدة (١٩٩٧-٢٠٠٨)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة السليمانية، ٢٠٠٩.

## گۆڤارەکان:

١- د. محمد معن ديوب، المتطلبات الاساسية لنجاح برنامج الخصخصة، مجلة جامعة تشرين للدراسات و البحوث العلمية، سوريا، العدد (٣)، ٢٠٠٦.

٢- د. محسن حسن، الخصخصة دراسة تحليلية المفهوم و الاليات، مجلة ديالي، العدد (٣٠)، ٢٠٠٨.

٣- صلاح التكمضي، الاقتصاد العراقي بين الواقع و الطموح، مجلة الحوار المتمدن، العدد (١٢٧)، ٢٠٠٣.

٤- مركز المشروعات الدولية، خصخصة الشركات المملوكة للدولة، مجلة الاصلاح الاقتصادي، العدد (٢٠)، ٢٠٠٦.

٥- هيثم عبداللة سلمان، الخصخصة في دول مجلس التعاون الخليجي، مجلة العلوم الاقتصادية، جامعة البصرة، العدد (٨)، ٢٠٠٦.

٦- د. محمد صالح القريشي . التحول من القطاع العام إلى القطاع الخاص بين الأداء التنموي ومنطق صندوق النقد الدولي . كلية الإدارة والاقتصاد الجامعة المستنصرية . مجلة الاقتصادي تصدرها جمعية الاقتصاديين العراقيين . عدد خاص . ١٩٩٩.

٧- محمد حسن آل ياسين. التخصصية إطارها الفلسفي وتطبيقاتها. مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة. العدد(٤). ٢٠٠١.

٨- حسين عجلان حسن. القطاع العام في العراق بين ضروريات التطوير وتحديات الخصخصة. مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية . كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة . العدد (١١) . سنة ٢٠٠٦.

٩- سامي فاضل عطو . دور السياسة النقدية خلال مرحلة الحصار الاقتصادي والإصلاح النقدي في العراق . مجلة دراسات اقتصادية . بيت الحكمة – بغداد . العدد الثاني . سنة ١٩٩٩.

١٠-باقر كرجي حبيب الجبوري . خصخصة القطاع العام في العراق . كلية الإدارة والاقتصاد جامعة القادسية . مجلة القادسية للعلوم الإدارية والاقتصادية . المجلد(١١) . العدد(٢) . ٢٠٠٩ .

# زنجیرەی هۆشیاری

| ز. زنجیرە | ز. هۆشیاری | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگـــــەی میـــــدیا لەهەڵبـــــــژاردنی ســــــــــەرۆکایەتی ئەمریکادا | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | ممیـــــزات النظـــــام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتـــــــــەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیــــــــــدابوونی عەلمانیەت | فرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیـــسلامو مۆدێرنـــە، ئیـــسلام لەبـــەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧٠ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە – عەلمانیەت | ن: ئاستین کلاین و. کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧٨ | ٢٥ | مـۆدێلی حزبایـەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ٢٦ | فلـسفة الديمقراطيـة الاجتماعية | د. حميد عزيز ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسـینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٣٠ | جیۆپۆلـــەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | ٣١ | دیموکراســیو بنـــەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم و. عادل عەلی | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨٥ | ٣٢ | پـــۆلێن كردنـــــى هەڵوێــستەكان پــێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | ٣٣ | النــضال الدســتوري للاســـتاذ ابـــراهيم احمـــد في العـــراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٣٤ | كــوردو توركمـــان – تێڕوانینێـــك بـــۆ میكانیزمـــــــەكانی پێكـــەوە ژیـــانی ئاشتییانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٣٨٨ | ٣٥ | عەلمانیـــەت چـــیە؟ ماناو پێناسەكانی | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | ٣٦ | خوێندنەوەیــەك بـۆ فیكـــرى حەســـەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | ٣٧ | شـــــــــێوەكانی بەدەسـتهێنانی مـافی چارەنووس | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | ٣٨ | تعريف الأنفال بالابادة الجماعية | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٩٢ | ٣٩ | قراءة في مفهـوم التحـديث والتنمية السياسية | احسان عبدالهادى | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | ٤٠ | كاريگـەریی قـەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسـەر ئـابووریی ئەمریکاو جیهان | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | ٤١ | دیموکراسی لە نێوان مۆدرێنیێتەو پۆست مۆدرێنیێتەدا | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | ٤٢ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرەنەتەوەیی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٤٣ | باشووری سودان | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٣٩٧ | ٤٤ | الديمقراطيـة دراسـة فكرية سياسية | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٣٩٨ | ٤٥ | الاكراد والديمقراطيـة والاندماج | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٣٩٩ | ٤٦ | زمانی کوردی لە دەستورەکانی عیراقدا | خەلیل عەبدڵلا | ٢٠١٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | ٤٧ | رۆڵی ژنان<br>لە پەرەپێدانی کاری<br>رێکخراوەییدا<br>(ی.ن.ك )وەك نمونە | جەمیلە شێخ<br>مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٠١ | ٤٨ | ئارام و<br>رۆڵی لە بزووتنەوەی<br>سیاسیدا | فەرید<br>ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٠٢ | ٤٩ | چەپکە گول<br>قەفتەك ژ سەروەری و<br>هەلویستێن<br>ئێکەتی نیشتمانی<br>کوردستان | قادر حسن<br>عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٠٣ | ٥٠ | الدعائم الأساسية<br>للدولة الفدرالية | د. شورش حسن<br>عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | ٥١ | رۆڵی (ی.ن.ك) لە<br>دیموکراتیزەکردنی<br>کۆمەڵگەی کوردستان | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | ٥٢ | دەروازەیەك بۆ<br>ئاسایشی نیشتمانی<br>هەرێمی کوردستان | قادر حەمە جان<br>عزیز | ٢٠١٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٣٣ | ٥٣ | النظم الانتخـابية و نظام انتخاب مجالس محافظات العراق و اقليم كردستان | د. درباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | ٥٤ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ٥٥ | المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق | د. إسماعيل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | ٥٦ | الطالباني وجائزة نوبـــــل للســــــلا م | يتانا ديوخ نوشا ترجمة: احمد زردشت | ٢٠١٢ |

**له چاپخانەی دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی**

**چاپکراوە**